## گەنج ئاشت بكەنەوە... بەختیار شاخی *

bshakhy@hotmail.Com

كێشەیەك هەیە كە هەندێ كەس هەوڵی سەرپۆش كردنی دەدەن و تەنانەت باس كردنیشی بە بڤە دەزانن. كێشەكە ئەوەیە كە خەڵك رەنجاوە، گلەیی هەیە و گوێی لێ ناگیرێت. لەناو خەڵكیشدا رەنجانی گەنج گەیشتۆتە ئاستی تورەیی و دەیەوێ بەهەر شێوەیەك بێت ئەو بێزارییەی خۆی دەرببرێت. ئەوە مەسەلەیەكی مەترسیدارە و پێویستی بە چارەسەر هەیە، چونكە كار بەجۆرە بڕوات یەكیەتی نەتەوەیی و متمانەی نێوان خەڵك و حكومەت دەكەوێتە بەر هەڕەشە و دوژمنانیش براوەی یەكەمی ئەو مەیدانە دەبن.

متمانەسازی و ئاشت كردنەوەی خەڵك بەگشتی و گەنج بەتایبەتی كارێكی ئاسان نییە، گەنج دەیەوێ كە خوێندنی تەواو كرد رێز لە بڕوانامەكەی بگیرێت و لە شوێنی شیاوی خۆی دابمەزرێت، گەنج دەیەوەێ بێ ئەوەی كێشەی خانووی هەبێت بە ئاسانی بەرنامەی هاوسەرگیری دابرێژێت، گەنج دەیەوێ جار و بار گەشتێك بكات و بگەرێ، گەنج دەیەوێ لە داودەزگای حكومەتدا بێ رێزی بەرامبەر نەكرێت و كەرامەتی نەڕووشێنرێت، گەنج زۆر شتی دیكەشی دەوێت بەڵام ئەو بەرپرسانەی پێگەیشتنی گەنج بە هەڕەشە لەسەر كورسییەكەی خۆیان دەزانن رێگا نادەن ئەم خواستانە بگەنە بەردەم لوتكەی دەسەڵات.

یەكیەتی و متمانەی نەتەوەی دەبێ لەنێوان خەڵك و بەرپرساندا هەبێت نەك تەنها لە نێوان بەرپرسان، پشتیوانی كردنی بەرپرسان لەیەكتری هیچ دەردێكی ئێمە دەرمان ناكات، بەڵكو تەنها ماوەیەكی كەم تەمەنی كورسیی فلان بەرپرس درێژتر دەكات، ئەوەی بەهەڕەشەی نەتەوەی دەژمێردرێ و مەترسییەكەی هەرەشە لە حكومەت و خەلك دەكات ئەو دیوارە بەرزە و ئەو دوورییەیە كە لەنیوان خەڵك و حكومەتدا هەیە، ئەوەش لە نەڕەخساندنی دەرفەتی یەكسان و ناعەدالەتی و دانانی خەڵكانی نەشیاو لە پۆستی باڵا و نەبوونی لێپرسینەوە لە بەرپرسان و بوونی گەندەڵی و بێ بەرنامەییدا دەردەكەوێت و پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە. دەبێ بیر لەو هۆكارانە بكرێتەوە كە وا لەگەنج دەكات بە ئاشكرا بڵێ ناچمە دەنگدان، ئەوەی لە راپرسییەكەی دەستووریشدا رووی دا زەنگێكی پڕ لە مەترسی بوو كە بەداخەوە كەسی وەئاگا نەهێنا، حكومەت چەندی بەتواناش بێت كە متمانەی خەڵكی لە دەست دا كڵۆڵ دەبێت، رێگە گرتن لە دەربڕینی نارەزایەتییەكان خزمەتێك بە حكومەت ناكات، بەڵكو تەنها خنكاندنێكی كاتیی دەنگی خەڵكە و سەرلەنوێ دەست پێ دەكاتەوە، هەر لەو كاتەشدا دەبێ خەڵك هوشیار بن، دەبێ گەنجان چاویان كراوە بێت و رێگە نەدەن كەسانی ئاژاوەچی بێنە نێو ریزەكانیان و ئامانجە رەواكانی خەڵك تێكەڵ بە مەرامی تێكدەرانە بكەن، هەروەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەرێز بارزانی گوتی گەنج مافی خۆیانە نارەزایەتیی دەرببرن بەڵام نابێ رێگە بدەن فەرهەنگی خەراپكاری و ئاژاوەگێریی بێتە ناو كولتوری كوردەوە.

بۆیە دەبێ ئەمرو قسە لەسەر گێرانەوەی متمانەی نەتەوەیی بكەین تا بتوانین یەكیەتی و یەكریزیی نەتەوەیی بپارێزین، رێگا چارەكەش بەوە نابێت كە دان بە بوونی دیوار لەنێوان خەڵك و حكومەتدا نەنێین و بە درۆی بزانین و بڵێین شتی وا نییە، بەوەش نابێ كە گوێ بە

ڕەنجانی گەنج نەدەین، بەڵكو بەوە دەبێت كە لە هۆكارەكانی ڕەنجانی خەڵك بەگشتی و گەنج بەتایبەتی بكۆڵینەوە. بەوە دەبێت كە چاودێرییەكی ورد بۆ بەڕێوەچوونی كاری داودەزگای حكومەت دابنرێت و هۆكارەكانی گەندەڵی و كەڵك وەرگرتنی خراپی هەندێ لە بەرپرسان لە دەسەڵاتەكانیان بخرێتە بەردەم لێكۆڵینەوە و چارەسەری بۆ دابنرێت و بەرپرسیارەكانیش سزا بدرێن. ئەمە سەردەمی نوێیە و دەبێ شێوازی نوێ بۆ دۆزینەوەی كێشەكان و چارەسەر كردنیان بدۆزینەوە.

* بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (هەولێر پۆست)